# بنياتى زمان و هزر
# له غه‌زه‌لى (شه‌و)ى (ئاوات)دا
## تويژينه‌وه‌يه‌كى هه‌لوه‌شانه‌وه‌گه‌رى - ره‌وانبيژييه

پ.ى.د. ئيدريس عه‌بدوللا مسته‌فا
به‌شى كوردى/ كوليژى زمانى / زانكوى سه‌لاحه‌ددين

تاريخ استلام البحث :١٣ / ٣ / ٢٠١٦ تاريخ نشر البحث :٢٨ / ٤ / ٢٠١٦

## پوخته

غه‌زه‌لى (شه‌و) يه‌كێكه له غه‌زه‌له فه‌لسه‌فى و جوانه‌كانى ئه‌ده‌بى كوردى، خاوه‌نه‌كه‌ى شاعيرى رۆژهه‌لاتى كوردستان كاميلى ئيماميه، كه ناسراوه به (ئاوات) ، ئه‌م غه‌زه‌له (حه‌وت ) به‌يته، به‌لام غه‌زه‌لێكى داهێنراوى گه‌وره‌يه، وشه‌و ده‌ربڕينه‌كانى بنياتێكى قوڵى بۆ درووست ده‌كه‌ن، له‌وه‌ى دووره‌ده‌خه‌نه‌وه، كه خوێنه‌رى ئاسايى به ئاسانى تێى بگات، به‌لام له‌به‌ر ئه‌وه‌ى زوو شيكارى زانستيانه‌ى بۆ نه‌كراوه‌و وه‌كو گۆرانييه‌ك كه‌وتۆته به‌ر گوێى خه‌ڵكى، زووتر خه‌ڵك بۆچوونى هه‌ڵه‌ى له باره‌ى ئه‌و ده‌قه بۆ درووستبووه‌و واتايان به بۆچوونى خۆيان بۆ دۆزيوه‌ته‌وه، كه ئه‌و واتايه‌ى خه‌ڵك بۆى چووه، هيچ بنه‌مايه‌كى زانستى نييه‌و بنياتى ده‌قه‌كه وردتره له‌وه‌ى خه‌ڵكى به‌و ساده‌ييه واتايه‌كى دياريكراوى به بالادا بڕن.
(هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌گه‌رى) زانستێكى گرنگى شيكارى ده‌قى جۆراوجۆر و له نێويان ده‌قى ئه‌ده‌بيشه، له كێڵگه‌ى توێژينه‌وه‌كانى ئه‌ده‌بياتى كوردى، زۆر به كه‌مى نه‌بێ كارى له‌سه‌ر نه‌كراوه.
هه‌رچى (ره‌وانبێژى)يه، ئه‌ويش زانستێكه له قولايى عه‌قڵه‌وه به هونه‌ره‌كانى خۆى ده‌دوێت و له‌م رێگه‌يه‌وه زامنى تێگه‌يشتنى ته‌واو بۆ دياره‌ده ئه‌ده‌بييه‌كان ده‌كات.
لێره‌وه بوو ئه‌م تێكسته، له‌به‌ر شيكارى دووانه‌ى هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌گه‌رى و ره‌وانبێژى له لامان يه‌كانگير بوون و ئه‌م ناونيشانه‌ى سه‌روومان بۆ درووستبوو.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوەتە سەر دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و دوو پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

بەشی یەکەم ناونیشانەکەی بریتییە لە (چەند پێناسە و باسێکی گرنگ)، تیایدا پێناسەی یەکە یەکەی (بنیاتی زمان) و (بنیاتی هزر) و (هەڵوەشانەوەگەری) و (ڕەوانبێژی) کراوە.. لە دوای ئەمانەش تیشك خراوەتە سەر گرنگترین (ئەو هۆکارانەی خوێنەر بە هەڵە دەبەن) و بوونەتە هۆی ئەوەی خوێنەری کورد ڕایەکی هەڵەی لە بارەی ئەم دەقەی (ئاوات)ی شاعیر بۆ درووست بێ.

هەرچی بەشی دووەمە بەشێکی پراکتیکییە، تیایدا لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەقەو بنیاتەزمانییەکەی، کە لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بنیاتێکی قووڵ بۆ دەقەکە درووست بووە، چووینەوە سەر بنیاتە هزرییەکەی، واتە لەم ڕێگەیەوە دەقەکەمان ساغکردۆتەوەو سەرلەنوێ دەقەکەمان بردۆتەوە سەر واتا قووڵە درووستەکەی.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان لە (٤) خاڵدا پوختکراونەتەوە، ئینجا پەراوێز و لیستی سەچاوەکان، لەگەڵ دوو پوختەی توێژینەوەکەش بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دانراون.

## بەشی یەکەم: چەند پێناسە و باسێکی گرنگ

### بنیاتی زمان

بۆ ئەوەی بتوانین پێناسەی درووستی بنیاتی زمانی بکەین، پێویستە لە سەرەتاوە ئاوڕێك لە وشەی (بنیات) بدەینەوە، بزانین ئەو بە چ واتایەك هاتووە.

بنیات لە ڕووی وشەییەوە بریتییە لە: ((هەموو پێکهاتوویەك لە دیاردە بەیەکەوەبەستراوەکان، کە هەر یەکە لەو دیاردانە لەسەر غەیری خۆی دەوەستێ، قەتیش ناکرێ ببێتە ئەوەی هەیە، تەنیا بە هۆی ئەو پەیوەندییەی نەبێ، کە بە غەیری خۆیەوەی هەیەتی)).(1)

(بنیاتی زمانی)ش بەم پێیە دەبێتە هەموو پێکهاتوویەکی زمانی، واتە هەموو (دەق)ێك. کە وشەو دەربڕینەکانی بە پەیوەندییەکی بەهێزەوە پێکەوە بەستراون. ، هەریەکەیان بە هۆی ئەوی ترەوە دەبێت و بە لێککردنەوەیان، هەموویان دەبنەوە شتی ئاسایی و واتای گەورەی دەقەکە لەنێو دەچێت.

عەبدولقاهری جورجانی دەڵێ: ((هیچ هەڵبەستێك لە گوتەو هیچ ڕێکخستنێکی دیکە درووست نابێ، تا دەربڕینەکان هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیانەوە نەبەسترێنەوەو هەندێکیان لەسەر

هەندێکی دیکەیان بنیات نەنرێن))[٢]، ئەوەش کەواتە بنیاتی زمانی ئەو بناغەیەیە، کە لەسەر وشەو دەربڕینە فەرهەنگی و نافەرهەنگییەکان، درووست و خوازەکان، ئاشکراو شاراوەکان دروستبووە، لە دەقێکی ئەدەبییەوە بۆ دەقێکی تر پێکهاتەی ئەو بنیاتە زمانییە دەگۆڕێت، چونکە ((هەمیشە گۆڕان بەسەر دەقە ئەدەبییەکاندا دێت، ئەو گۆڕانانە پەیوەندیدارن بە بیر و وشیاری نووسەرەکەی و وشیاری ئەو کۆمەڵە خەڵکەی دەقەکەیان بۆ پێشکەشکراوە)).[٣]

## بنیاتی هزر

ئەگەر بنیات ئەوەبێ، کە لە سەروو خستمانە ڕوو، کاتێك وشەی (هزر) بۆ وشەی (بنیات) زیاد دەکەین، ئەوا واتەکەی دەبێتە: هەموو ئەو توانا هزریانەی بنیاتی دەربڕین و ڕستەو پەرەگرافەکانی دەق لەخۆی دەگرن، چونکە وەکو زانایانی زمان ئاشکرایان کردووە: زمان یەکسانە بە هزر، چونکە: ((پەیوەندییەکی ئەندامی بەهێزلە نێوان زمان و هزرکردندا هەیە، زمان ئەو قالبەیە کە هزرکاری تێدا دەکرێ و هزریش ئەو ناوەڕۆکەیە، کە قالبە زمانییەکە لەخۆی دەگرێ، ئەوە وایکردووە هەندێ لە زانایان و توێژەران بڵێن: زمان و هزر دوو ڕووی یەك دراون))[٤]، بۆ ئەوەش ئەو بنیاتە هزریەی هەر دەقێك بدۆزینەوە، بێگومان دەبێ لە بنیاتە زمانییەکەی ڕۆبچین و بە پێکهاتە زمانیەکەیدا شۆڕببینەوە، چونکە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەکرێ، لە بنیاتی هزری دەقەکان تێبگەین.

## هەڵوەشانەوەگەری

هەڵوەشانەوەگەرایی ڕێبازێکی کارکردن لەسەر جەستەی دەقە، ڕیشەی کۆن و ڕوواڵەتی لەیەکجیای هەیە، بەپێی ئاراستەکانی هەڵوەشانەوەگەرایی گۆڕانی بەسەردا دێت، هەندێك پێیان وایە: ((هەڵوەشانەوەگەرایی توێژینەوەیە لە هاوڕێکی ناوەوەی دەق))[٥]، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە واتایەك بکەوێتە بەر دەست، کە بنەمایەکی زانستی هەبێ، چونکە جگە لە واتای ئاشکراو ڕوواڵەتی، هەمیشە دەقەکان واتای شاراوەو خوازەییشیان هەیە، بۆیەشە هەندێکی دیکە دەڵێن: ((هەڵوەشانەوەگەرایی پرۆسەی ڕووتکردنەوەی دەقە، تا دەگەیت بە نهێنییە شاراوەکان)).[٦]

دیارە هەڵوەشاندنەوەی دەق، دەبێ لەبەر مەبەستێکی پیرۆز بێ، کە ئەمە بە هۆی (گومان)ێکەوە لە واتای خراوەڕوو درووست دەبێ، (دیکارت)ی فەیلەسوف پێی وابوو: گومان سەرچاوەی گەیشتن بە ڕاستییە و گوتی: ((گومان دەکەم، کەواتە هەم))[٧]، کەوابێ توێژەری هەڵوەشانەوەگەری دەبێ بە هۆی گومانەکان کار بکات و لەوانەوە بەرەو هەقیقەت بڕوات،

نەوەکو جارێکی دیکە چەواشەکاری بکات، بەوەی کەوا هەقیقەت بشارێتەوەو واتایەکی دیکەی دوور لە هەقیقەت و مەبەست، لەبەر مەبەستی تایبەتی خۆی بە دەق بدات.

لە جیهانی ئیسلامیش زانستێك هەیە کە بە (زانستی فەرموودە) دەناسرێت، ئەو زانستە لە سەدەکانی یەکەم و دووەمی ئیسلامی ئیشی لەسەر کراوە، بۆ ئەوە بووە فەرموودە ڕاست و درووستەکان لە فەرموودە نامۆ و درووستکراوەکان جیابکرێتەوە، ئەو زانستە ناوی (الجرح والتعدیل)ە، واتە: (بریندار کردن و ڕاستکردنەوە)، یان ((لۆمەکردن و پیاهەڵدان)) [٨]، دەبینین (هەڵوەشاندنەوەو بنیاتنانەوە) هەر هەمان مەبەستی (الجرح و التعدیل)ەکەی هەیە.

ئەوەتا هەڵوەشانەوەگەراییش ((تەفروتوناکردنی کۆدەکانی دەقە بۆ پارچە پێکهێنەرەکانی، دواتر بەو پارچانە داهێنانێکی نوێتر درووستدەکەی، بە پێی جیهانبینییەکی تازەی پێچەوانە)).[٩]

## ڕەوانبێژی

مەبەست لە ڕەوانبێژی ((کۆمەڵێك تەکنیك و وێنەیە، ئامانجیان قەناعەت درووستکردنە بۆ بابەتێکی دیاریکراو))[١٠]، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو قسەیەی (ئەبی هیلالی عەسکەری) وەرگیراوە، کە لە بارەی ڕەوانبێژییەوە گوتوویەتی: (( لە ڕەوانبێژیدا ـ جا لە شیعر بێ، یان لە خوتبە، یان لە سەروا... ـ نیگا و ئاماژە بۆ واتا تیایاندا ڕەوانترە، کورتبڕیش خۆی ڕەوانبێژییە)).[١١]

## ئەو هۆکارانەی خوێنەر بە هەڵە دەبەن

زیاتر لە هۆیەك هەیە، وا لە خوێنەر دەکەن، هەندێ جار لە تێگەیشتنیان بۆ هەندێ دەقی ئەدەبی بە هەڵە بچن، لە گرنگترینی ئەو هۆیانە:

١. کەمی ڕۆشنبیری خوێنەر

سەرچاوەی ڕۆشنبیری ئەزموون و زانستە بە شتەکان، ((زانست واتە: هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە ئەزموونمان کردوون، بە هۆی مەعریفەی عەقڵانییەوە))[١٢]، ئەو زانستە دەبێتە سەرچاوەیەکی گەورەی ڕۆشنبیری، جا ئەگەر خوێنەر لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لاواز بوو، کەمی پێبوو و کەمی دەزانی، کەوابێ لە ڕووالەت بەولاوە شتی تر نابینێ و ناتوانێ بە قووڵی بیربکاتەوە، بەوەش ئەصڵی واتا لە خوێنەری سادەو کەمزان ون دەبێ و لە تێگەیشتنی لە دەقەکەدا بەهەڵەدەچێ، چونکە دەقی داهێنانی ئەو دەقەیە، کە واتاکانی لەو دیو پێکهاتەیەکی چڕ و پڕ لە واتاو ئاماژە دەشارێتەوە، بەبێ ڕۆشنبیری زۆر، مەحاڵە خوێنەرێکی کەمزان بگاتە قوڵاییە واتاکەی.

**٢. گۆشەنیگا**

زۆر جار خوێنەر بەر لەوەی دەقێك بە قووڵی بخوێنێتەوەو بە باشی بە واتاکانی بگات، بڕیاری پێشوەختەی لە بارەی ئەو دەقەوە هەیەو لە گۆشەنیگایەکی زۆر تایبەت ڕای خۆی لەسەر دەقەکە دەردەبڕێ، ئەوەش هەڵە درووست دەکات و پەیامی دەقەکە دەفەوتێنێ، چونکە ئەم بۆچوونەی لە گۆشەنگای پێشوەختە هاتووە، لەسەر بنەمای خوێندنەوەی درووست دانەمەزراوە، بەڵکو ئەمە لەبەر ئەوەیە، کە: ((گۆشەنیگامان بۆ ئەو ڕووداوانەی دەق دەیانورژێنن، کاری ئێمە لە بنیاتی دەقدا دەستنیشان دەکات))[١٣]، بەڵام وەکو گوترا گۆشە نیگا توانای هەڵسەنگاندنی درووستی تێکستەکانی نییە.

**٣. هەندێجار کاری ئەدەبی خۆی زیاتر بە ڕوویێك پیشان دەدات**

دەقی ئەدەبی دەبێ جوان بێ، جوانیش بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و گەمەی زمانی و هێماکان و ئەم دیاردە زمانییانە دەبێ، بەڵام هەموو خوێنەرێك پەی بە بنیاتی جوانییەکان نابات، چونکە: ((شارەزایی لە جوانی لە یەك کاتدا لە دوو ئاستدا خۆدەنوێنێ . ئاستی دەربڕین و ئاستی واتا . (هەندێ لە زاناکان گوتوویانە): بۆیەشە ئێمەش ناتوانین کاری هونەری بەو شێوەیە چارەسەر بکەین، بەوەی کەوا ڕێك بۆی نووسراوە، یان بەوەی پێدەچێ بینوێنێ، جا باش وایە لە یەك کاتدا هەردوو ئەم خوێندنەوانە لەبەرچاو بگرین)).[١٤]

**٤. سیاق**

سیاق هۆکارە هەرە گرنگەکەی ڕوونکردنەوەی بەهاو واتای دەقە، دیاردەیەکە بریتییە لە: ((پێکەوەلکاوی بەشەکانی دەق . وشەو دەربڕینەکان . جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە وشە واتا ی سنووردار نابێ، تەنیا بە پەیوەندیی لەگەڵ وشەکانی دیکە نەبێ، لەنێو زنجیرەی ئاخاوتندا)).[١٥] ئەو سیاقەی دەقەکەی تیا پێشکەش دەکرێ، هەمیشە چەسپاو نییەو قەت مەرج نییە دوو دەقی هاوشێوە لە یەك سیاق هاتبن، تا هەمان واتا بگەینن، بۆ نمونە: (ئەو سەگانەت دیوە)؟ ڕستەیەکی سادەیە، بەڵام لە غەیری واتای درووستی، چ واتایەکی دیکەی مەجازی بۆ درووستنابێ، ئەگەر لە سیاقی لەیەکجیا نەهاتبێ، بۆ نمونە:

. ئەگەر لەگەڵ ئەم قسەیەت (ئەو سەگانەت دیوە)؟ ئاماژەت بۆ چەند سەگێك کرد، کە لە دوورەوە دەوەڕین، ئەوە کەواتە سەرجەم وشەکانی ڕستەکە بۆ واتای تەواوی خۆیان هاتوون و واتای دیکە هەڵناگرن.

. ئەگەر لە کاتی خستنەڕووی ئەم ڕستەیە (ئەو سەگانەت دیوە)؟ تۆ هەقایەتێکت دەگێڕایەوەو لە ناوەڕاستی هەقایەتەکە، دەرکەوت وەکو ڕەمزێك بۆ ناشیرنکردن ئەوان گەورە پیاوانی دوژمن لە پیسیدا بە سەگ دەچوێنی، بۆیە وەهات گوتووە، ئەوە کەواتە سەگەکان خواستنی ئاشکرانەو بۆ مەبەستی ناشرینکردنی دوژمنان لەنێو ڕستەکەدا هێنراوە.

لەم دوو نمونەیەدا بۆمان دەرکەوت، سیاقی تێدا هاتنی ڕستەکە، بەشدارییەکی کارای کرد لەوەی کەوا خوێنەر بە تەواوی لە واتای ڕستەکە بگات، خۆ ئەگەر ئەو سیاقانە نەبوونایەو ڕستەکە هەر بە کراوەیی بهاتبووایە، ئەوساکە تەمومژی واتایی دروست دەبوو و دەبوو لە شیکارماندا بڵێین: ئەم ڕستەیە دەشێ بە یەکێ لەم دوو واتایانەی سەروو هاتبێت و ناکرێ لەسەر یەك لەو واتایانە کورتیبکەینەوە.

٥. ئەو کەسەی دەقەکە پێشکەش دەکات

هەموو نووسەرێك شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، ((شێوازیش دەرچوونێکی تاکەکەسییە لەسەر معیار، ئەمە لە بەرژەوەندی ئەو هەڵوێستانەی دەق وێنایان دەکات))[١٦]، بەم هۆیەوە لە کاری ئەدەبیدا زمان هەمان ئەو زمانە سروشتییە نامێنێ، کە پەیامە یاساییەکانی زمان لە دارشتن و واتابەخشیندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرجەستە بکات، بەڵکو لەو دیو دارشتن و هێماو لادانە زمانییە جۆراوجۆرەکانەوە، مانای دیکەی نوێ، بە وشەو دەربڕینە کۆنەکان، یان نوێیەکان پێشکەش دەکات، بەوەش زۆرجار سەر لە خوێنەری ئاسایی تێکدەچێ و ناتوانێ لە مەبەستی نووسەر نزیکبێتەوە، ئیدی هەر لە خۆیەوەی بەو شێوەیەی لەگەڵ یەکەم بیستن، یان خوێندنەوەی دەقەکە لە مێشکیدا وێنەیەك دروستبوو، دەست بەوەوە دەگرێ و ئەویان زەقدەکاتەوە، دیارە تێگەیشتنە نادروستەکەش زۆرجار لێرەوە دروست دەبێت.

٦. خوێندنەوەی ڕووالەتی

عەرەب بەم دیاردەیە دەڵێن دیاردەی (ڤاهراتی) لە خوێندنەوەدا.. خوێندنەوە لە سادەترین پێناسەیدا وەکو ولیەم ڕایت پێناسەی دەکات، دەڵێت: ((خوێندنەوە لە سادەترین ئاستی بەدیهی کەسایەتیدا وەها پێناسە دەکەین، کە: تێکەڵاوکردنی وشیاری ئێمەیە، بەوەی لە نێو دەقدا ڕوودەدات)) [١٧] ، ئەوەش گرنگی خوێندنەوە پیشان دەدات، کە پرۆسەیەکی چەندە بەسوودە، بەڵام ئەگەر وشەی ڕووالەتی بۆ خوێندنەوە زیادکرا، ئەوسا خوێندنەوە پایەی گرنگی خۆی لەدەست دەدات و تێگەیشتنی هەڵە بەرهەمدێنێ.

٧. کاریگەری دەروونی خوێنەر

کاریگەری دەروونی، یان ئەوەی خوێنەر دەیەوێ بیبیسێ، ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرەو هەموو دەروونانسێك، یان زۆربەی ڕۆشنبیرانیش هەستی پێدەکەن، هۆلاند دەڵێ: ((لەسەر ئاستی (نەست)دا بە هەموو دەروونمانەوە لەگەڵ دەق تێکەڵاو دەبین، هەست بە ناخی خەیاڵەکانی دەکەین، وەکو ئەوەی بڵێی: خەیاڵی دەق خەیاڵی نەستی تایبەت بە خۆمانە))[١٨]، بەڵام دەق واتای قووڵیشی هەیە، (ئەوە: بنیاتی قووڵە)، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بەدەستهێنانی واتادا))[١٩]، وەکو (دی مان) دەیبینێ، پێی وایە (نیتشە) لەوبڕوایە دایە، کە: ((هێزێکی دروستکراوی زمانی هەیە، جیاوازە لەو زمانە بڕیاردراوەی هەیە، ئەو هێزەش توانای هێنانە بوونی واتای نوێی هەیە، هەر بە تەنها بەوەی کەوا پێی وابێ هەنە،

ئەوەش لە ڕێگەی هێنانە بوونیان))[٢٠]، ئەمەش کەواتە: ((یاساکانی زمان لە خۆیاندا پرۆسەی ڕێکخستنی تێگەیشتنی چەمکەکانن، بەبێ ئەوان چەمکەکان پەرش و بڵاودەبن و لێتەگەیشتنیان زەحمەت دەبێ)).[٢١]

**٨. ئابوریکردن لە زمان**

ئەو دیاردەیە ((تاکە ڕووداوی ڕاستەقینە و مەبەست دەسڕێتەوە، یان دەشارێتەوەو لە واتای نوێدا دەیخاتە ڕوو))[٢٢]، هیدجر دەڵێ: ((زمان بایەخێکی گەورەی هەیە، بەڵام لەنێو شیعردا گەورەتریش دەبێ، ئەوەش ئەو کاتەی مانای بوونی لەتوانابوو بەرهەم دێنێ، تا ئەگەر بێت و ئەو واتایە بنیاتێکی لێکدراوی بە زەحمەت بەدەستهاتووش بێ))[٢٣]، ئەدەبیش بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی بەری ئابوری زمانییە،

**٩. بێ ئاگایی لە داهێنراوەکانی ڕەوانبێژی و دەقئاوێزان**

زمانی ئەدەب زمانی ڕەوانبێژییەو پڕاوپڕە لە دەقئاوێزان، بێ ئاگایی لە داهێنراوەکانی ڕەوانبێژی و دەقئاوێزان، وا دەکات خوێنەر هەر لە سایەی واتای ڕووالەتی دەق بمێنێتەوە.[٢٤]

**١٠. کورتبڕی بیری**

کورتبڕی بیری خوێنەر، یان بیسەری ئاسایی، لە گەیشتن بە واتا قووڵەکان، کە لە لایەن زانایانی زمانەوە، ئەوە ڕوونە: زۆربەی خەڵکی، یان خوێنەری ئاسایی لە ڕووی واتاسازی دەرککردن (سیمانتیکی ئیدراکی) هەژارن و نازانن وشەو دەربڕینەکان لە نێو دەقی ئەدەبیدا وەکو بەکارهێنانیان لە بواری ئاخاوتنی گشتی نییە، واتە دەرك بە یاساکانی واتاسازی ناکەن، کە سیمانتیکی دەرککردن زانستێکی گرنگەو پسپۆڕی زانایانی زمانە، ئەو زانستە ((گرنگی بە لایەنی عەقڵی و کردە زەینییەکان و توانا ئیدراکییە یارمەتیدەرەکانی پرۆسەی شیکاری گوتار و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکەکەی دەدات))[٢٥]، بەڵام خوێنەر، یان بیسەری ئاسایی لەمڕووەوە کورتبیرەو ناتوانێ بە باشی لە تێکستەکان بگات.

**١١. نەناسینی شاعیر**

نەناسینی شاعیر و ناسینی ئەو گۆرانیبێژەی وەکو گۆرانی شیعرەکەی بۆ پێشکەشکردوون، ئەمە وادەکات خەڵك بە ڕووالەتی لە دەقەکە بگات، چونکە مەرج نییە پەیامی شاعیر و پەیامی گۆرانیبێژ هەمان شت بێت، ئاخر ئەو گۆرانیبێژەی ئەو شیعرەی کردۆتە گۆرانی (حەسەن زیرەك)ە، ئەو گۆرانیبێژەیە، کە بە گۆرانی ئەڤینی و غەرامی ناسراوە، بەڵام شاعیرەکە سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات)ە، پیاوێکی دیندار و خواپەرستە، مەلاو خەتیب و پێشنوێژبووە، بۆیە ((هەوڵی گەیشتن بە وتارەکان لە قوڵایی خۆیاندا، پێویست دەکات، خوێنەر نزیك بێ لە بیری نووسەرەکان))[٢٦]، نەوەك لە پێشکەشکاری دەقەکان.

## بەشی دووەم: هەڵوەشاندنەوەو شیکاری بنیاتی و ڕەوانبێژی دەقی (شەو)

لەم بەشەدا، لە سەرەتاوە دەقی غەزەلی (شەو) دەخەینە بەر چاو، ئەو غەزەلەی توحفەیەکە لە جوانی و دوای ئەوە، دێین یەکە یەکەی بەیتەکانی وەردەگرین، سەرەتا هەڵیدەوەشێنینەوە، دواتر لە ڕێگەی پێکهاتەو بنیاتە زمانی و ڕەوانبێژییەکەی، واتا مەبەستەکەی دەستنیشان دەکەین.

**یەکەم: دەقی غەزەلی شەو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

نوری ڕوخسارت وەدەرخە، دەردی بێ دەرمانە شەو
زوڵمەتی زوڵفت لەسەر ڕووتە، لە ڕۆژ میوانە شەو
دوێ، شوکر مەردانە من ڕێم بردە ناو زوڵفی ڕەشی
تا بزانن، خەڵکی موڵکی دڵ، قەڵای مێردانە شەو
هەر لە مەغریب تا بەیانی بێ وچان دێت و دەچێ
هەر لە دووی خورشیدی خاوەر وێڵ و سەرگەردانە شەو
کوێر و نابینایە ئێستا ئەو لە داخی ڕۆژی ڕووت
بۆیە ڕەشپۆش و فەقیر و مات و بەستەزمانە شەو
قەدری شەو چا بگرە چاوم، شەمع و پەروانە دەڵێن:
سۆز و گریەی شەمع هەر شەو، سووتنی پەروانە شەو
عاشق و مەعشوق لە ڕۆژدا خۆ دەپارێزن لە خەڵك
گەر پەنای چاکت دەوێ، بۆ ئەو دووە، بروانە شەو
هەستە (کامیل)، بەسیە بێداری، بڕۆ لێی وەرکەوە
تا وڵات بێ دەنگ و باسەو تا لە ڕۆژ میوانە شەو...[٢٧]

**دووەم: هەڵوەشاندنەوەو بنیاتنانەوە**

| |
|---|
| نوری ڕوخسارت وەدەرخە، دەردی بێ دەرمانە شەو |
| زوڵمەتی زوڵفت لەسەر ڕووتە، لە ڕۆژ میوانە شەو |

شێوازی ڕستەکە شێوازی فرمانە، ئەم فرمانە ئاراستەی (تۆ) کراوە، ئەو (تۆ)یە: یان (ژن)ێکە، یان پێغەمبەری خوایە (درودو سلاوی خوای لەسەر).. لە هەردوو باردا فرمانەکە خوازەییەو فرمانی درووست نییە، چونکە شاعیر دەسەلاتی جێبەجێکردنی بەسەر ئەم (تۆ)یەدا نییە، جا ئەم (تۆ)یە هەر یەکێك بێت، بەوەش فرمانەکە پابەندبوون لە فرمانپێکراودا درووست ناکات، بۆیەشە فرمانەکە لە درووستەوە دەگۆڕێ بۆ خوازەیی.

+ ئەگەر (تۆ)ی فرمانپێکراو (ژن) بێ؟! ئەوا لە لایێك:

١. یان دەبێ ئەو (ژن)ە بێگانە بێ، یان دەبێ ژنی خۆی بێ.. ئەگەر بێگانە بێ، ئەوە داوای ناشەرعیکردن لێی حەرامەو بۆ زانایەکی موسڵمانی ئیماندار ڕەوا نییەو بێگومان زانایەکی وەکو سەید (کاملی ئیمامی) قەت شتی وەها لە ژنێکی بێگانەو حەرام داوا ناکات.

٢. ئەگەر مەبەستیش ژنی خۆی بێ، ئەوە ئیدی بۆچی شەو دەردی بێ دەرمانە؟! بێگومان یان شتی وەها نییە، یانیش ئەگەر شتی وەها هەبێ، بە بینینی ڕووی یارەکەی ئەو دەردە سەختەی شەو دەوا نابێت!

لە لایێکی دیکەوە: ئەگەر مەبەست لە (ژن)ێکی بێگانە بێت، ئایا (شەو) لێرەدا چ واتاییکی بۆ دەمێنێتەوە؟! ئایا بە واتای پەرچەم و زوڵفی یار دێت؟! ئێ باشە ئەگەر بەو واتایە بێت، بۆچی ئەو (شەو)ەی باسی دەکات، دەبێتە (دەردی بێ دەرمان)؟! خۆ ئەگەر مەبەست ئەوەبێ: (بە هاتنە خوارەوەی پرچی ژنەکە، ڕووی جوانی ژنەکە داپۆشرابێ)، ئەوە هاتنە خواری زوڵفی ژنە بەسەر ڕوخساریدا بە شێوەیەکی کەرتییەو جوانییەکی زیاتر بە ژنەکە دەبەخشێ؟! ئیدی (دەردی بێ دەرمان)ی بۆ؟! ئایا دیمەنی جوان (دەردی بێ دەرمان)ەو ئەگەر ئەو دیمەنە لە جوانییەکەوە بۆ جوانییەکی دی گۆڕا، ئەوسا چارەسەری دەردەکە دەبێ؟!

بێگومان وەلام (نەخێر)ە.. چونکە هەموو کەسێك دەزانێ، هاتنە خوارەوەو پەخشان بوونی زوڵف بەسەر ڕوخسار، بە زۆر و زۆر جار بە ماندووبوون ژنان و کچان درووستی دەکەن، بۆ ئەوەی جوانییەکی زیادە بۆ خۆیان درووست بکەن!! نەوەك بە پێچەوانەوە هاتنە خوارەوەی زوڵف بەسەر ڕوخساردا ببێتە دەردی بێ دەرمان؟! ئەقڵ و مەنتیق ئەوە ڕەتدەکەنەوە، مەبەست لابردنی زوڵفی ڕاستەقینەو زیاتر دەرکەوتنی ڕووی ژن بێ.

بۆیە لە بەردەم بارێکی شێوازی وەهادا، بەر لە هەر شتێك (تێگەیشتن لە دەربڕین، ئەوە دەخوازێ، کە گونجاوییەك لە نێوان هەموو ئەو دەستەواژانە بدۆزینەوە، کە ڕستە لێکجیاکان درووست دەکەن))[٢٨]، بۆیەش بە وردی ئەم لێکۆلینەوەیە دەکەین:

+ زولف ((لە زاراوەی سۆفییەکان درکەیە لە پایەی ئیمکانی لە کولییات و مەبەست لێی: ڕەگەز و جۆر و فەصڵ و تایبەت و عەرزە، بەش و مەعقول و هەستییار و گیان جەستەو سیفاتەکان.. هەروەها درکەیە لە تاریکی کوفر)).[٢٩]

+ ئەگەر (تۆ)ی فرمانپێکراو پێغەمبەری خوا بێ (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، ئەوسا (شەو) بە واتای خوازەیی دێت و مەبەست لێی دەبێتە نەزانی (جهل)، نەزانیش تاریکییە، چونکە ئەگەر (شەو) هەبوو، ئەوەی لێی پەیدا دەبێ تاریکییە، کەوابێ (شەو) لێرەدا دەبێتە (خوازەی بە پەیوەندی هۆیی ـ سەبەبی ـ)، چونکە (شەو) هۆیەو ئەگەر شەو بوو، ئەوسا بەرهۆش (مسبب)یش دەبێ، کە ئەویش (تاریکی)یە.. ئەوەش بە واتای درکاوی هاتووە، نەك بە واتای درووست، واتە: ئەگەر نەزانی وەکو شەو هەبوو، ئەوسا خراپییە زۆرەکانیش وەکو شەوی ڕەش پەیدا دەبن. ئەوەش کێشەکە چارەسەر دەکات، چونکە ئەگەر (نەزانی دەردی بێ دەرمان بێ)، بە دەرکەوتنی ڕوخساری پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر) چارەسەر ببێ، ئەوە بێگومانەو بۆ ئیماندار و زانایێکی موسڵمانی وەکو سەید کاملی ئیمامی شاعیر. کە ئەوەی پێغەمبەری خوایە (درودو سڵاوی خوای لەسەر) ـ ئەوە زۆر هەقیقەتەو ئاساییەو هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ، کە عەقیدەو مەبەستی وەها بێ.

ئەوەش دەقئاوێزانە بۆ چەندین ئایەت و فەرموودەی ئاماژە بە ئیسلامی پیرۆز دەکەن، وەکو ئاینی زانست و ڕووناکی و ئاماژە بۆ پێغەمبەری خوا دەکەن (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، وەکو پێغەمبەری زانست و ڕوناکی و ڕیشەکێشەری دەردی نەزانی و چارەسەری تەواوی دەردەکانی دی، بۆن مونە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿قَدْ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ﴾.. سورەتی المائدە: ١٥.. واتە: بێگومان لە لای ﴿ئەللا﴾ وە ڕووناکی و کتێبێکی ڕوونتان بۆ هات.. ئەمەش هەمووی ئاماژەیە بۆ نور و ڕووناکی قورئانی پیرۆز و گوزارشتە لە ڕووناکی ئیسلام و پەیامەکانی ئیسلام، کە پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر) بووە گەیێنەری ئەم ئاینە بە جیهانییان بە گشتی.

کەواشبێ: شێوازی فرمانەکە دەبێتە شێوازی فرمانی خوازەیی، بۆ مەبەستی پاڕانەوە دێت، کە دوعایە لە خوای گەورە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نور و ڕوناکی ڕوخساری پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر) و لەویشەوە ـ وەکو ڕەمزی ئاینی ئیسلام ـ، نور و ڕوناکی ئاینی ئیسلام لەژێر شەوی ستەم و نەزانی وەدەرخاتەوەو بە هۆیەوەی چارەسەری دەردی نەزانی و بێئاگایی بکات، چون دونیاو قیامەت بەوە خۆش دەبن و بە دووری لەم چارەسەرییەو بە دووری لەو نورە، ژیان لە تاریکی و ناخۆشی سەخت و ناخۆش دەمێنێتەوە.

+ زوڵمەتی زوڵفت لەسەر ڕووتە.. ڕستەیەکە شێوازەکەی هەواڵییە، بەڵام هەواڵی خوازەییە، بۆ پیشاندانی پرسیارە؟! کە: ئایا بۆچی تاریکی باڵ بەسەر ڕوناکیدا بکێشی؟!

+ لە ڕۆژ میوانە شەو.. دیسانەوە ئەوەش ڕستەیەکە شێوازەکەی هەواڵییە، بەڵام هەواڵی خوازەییە، بۆ پیشاندانی پرسیارە؟! کە: ئایا گونجاوە شەوی تاریك باڵ بەسەر ڕۆژی ڕووناکدا بکێشی؟!

+ زوڵمەتی زوڵفت لەسەر ڕووتە.. زوڵمەت واتە: تاریکی.. ئەو تارکییە دراوەتە پاڵ زوڵف، بەڵام زوڵف تاریکییەکی ئەستوری نییە! کەوابێ مەبەست تاریکی زوڵف نییە، بەڵکو مەبەست تاریکی نەزانی و جەهلە، ئەم تاریکی جەهل و نەزانییە باڵی بەسەر ڕوناکی ئاینەکەت و جوانییەکانی تۆدا کێشاوە، چۆن زوڵف تەواوی جوانییەکانی ڕوخساری پێ داناپۆشرێ، بە هەمان شێوە تاریکی جەهل و نەزانیش چەندە وەکو زوڵفەکە ڕەش و تاریك بێ و چەندە وەکو زوڵفەکە، کە چەند تاڵێکە، ئەوەندە شێواز و ڕێچکەی جۆراوجۆر بێ، بەڵام دیسانەوەش ناتوانن بە تەواوی ڕوناکی جوانییەکانی تۆ ئەی پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوات لەسەر) و جوانی ئاینەکەت بە تەواوی بشارنەوە، بەڵام پەردەیان بەسەر هەندێ لە سیما جوانەکانتاندا کێشاوە!!

بەڵگە بۆ ئەم شرۆڤەیە ئەو ڕستەی دواتریەتی، کە گوتویەتی: (لە ڕۆژ میوانە شەو)!! واتە: ڕۆژی ئاین و جوانییەکانی تۆ هەر باقین، بەڵام میوانێکی شەوئاسایان هاتووە!! لەوەشدا دەقئاوێزانی بە قسەی نەستەقی کوردان (بەری ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێ)[٣٠]دا هەیە، چونکە زوڵف تاڵ تاڵ و بێژینگیش کون کونە، هەردووکیان وەکو یەك دەسەڵات چڕ نینە، نە ئەم دەتوانێ ڕوخسار بە تەواوی بشارێتەوەو نە ئەویش دەتوانێ بەری ڕۆژی ئاسمان بە تەواوەتی بگرێ.

کەواشبێ شێوازی هەردوو ڕستە هەواڵییەو بۆ مەبەستی پیشاندانی ترس و نارەحەتی شاعیرە بۆ بەزەییپێداهاتنەوەی، لەوەی دەگوزەرێ.

+ زوڵمەتی زوڵف خواستنی ئاشکرایە، واتە: دوژمنی نەزان وەکو زوڵفت ڕەشی و تاریکییان هێناوە!! لەوەشدا (موشاکەلە) هەیە، چونکە ڕەشی زوڵفی پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، هەمووی جوانییەو شۆخییەکی گەورە بە جەماڵی پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر) دەبەخشێ، بەڵام دوژمن کە ئەوەندە جاهیل بێ و جاهیل وەکو شەوی تاریك ڕەش بێ، ئەو ڕەشە لە تۆخییان بە ڕەشێتی زوڵفی سەروەر بچووێنرێ، ئەوە ئەو ڕەشییە بۆ نەزانی و بۆ دوژمنی نەزان خراپییەو سیفەتی جوانی و باشە نییە، ئەوەش موشاکەلەیەکی جوانە، شاعیر ئەو (زوڵمەت)ە تاریك و ڕەشەی، جارێ واتای ئیجاب و جارێ بە واتای سەلب هێناوە، ئەوەش (فرە واتایی)یەو لە یەك کاتدا یەك وشە دوو واتای دژو پێچەوانەی یەکی تێ ترێنجراوە، بەڵگەی توانای گەورەو دەسەڵاتی دەربڕینی گەورەی شاعیر پیشان دەدەن.

کەواشبێ ئەم تێکستە بنیاتێکی قووڵی هەیە، بە ئاسانی واتا ناداتە دەست، باشە بۆچی شاعیر وەهای نووسیوە، ئەمە لەبەر جوانکردنی تێکستەکەی، هەروەها لەبەر پیشاندانی بیروباوەڕ و عەقیدەی درووستی خۆی، کە پێویستە ئەوەی دەیزانێ، بە کردەوەش بیخاتەڕوو و ئەوەی دەیزانێ بە جوانی و هونەری پێشکەشی بکات، چونکە وەکو زانایان گوتوویانە: ((ئاخاوتن جوان نابێ، ئەگەر کردەوەی جوان پشتڕاستی نەکاتەوە، چونکە ئەو نەخۆشەی دەرمانەکەی خۆی دۆزیوەتەوە، ئەگەر خۆی نەیانخوات، ئەدی کێ بیانخوات)).[٣١]

| |
|---|
| دویَ، شوكر مەردانە من ڕێم بردە ناو زوڵفی ڕەشی |
| تا بزانن، خەڵكی موڵكی دڵ، قەڵای مێردانە شەو |

**+ دویَ.. كورتبڕییە، مەبەست (دوێنیَ)یە، (دوێنیَ)ش كینایەتە لە ڕابردوو، مەرج نییە (دوێنیَ)ی وشەیی بیَ، دەشیَ هەر شەوێكی ڕابردوو بیَ.**

**+ شوكر.. دیسانەوە كورتبڕییە، چونكە وشە كەمە واتا تەواوە، مەبەست (شوكر بۆ خودا بیَ)یە.**

**+ مەردانە.. لێكچوواندنە لە جۆری ڕەهای درێژە (تەشبیهی تام)، چونكە هەر چوار بنەڕەتەكانی لێكچوواندنی تێدایە:**

**من: لێیچووە.. مەرد: لەوچووە.. انە: ئەوزارە.. ڕێبردنە نێو زوڵف: ڕووی لێكچوونە**

**+ زوڵفی ڕەشی.. كورتبڕییە، واتە: (زوڵفی ڕەشی ئەو).. هونەری خوازەیە بە پەیوەندی كەرتی، چونكە باسی زوڵف كراوە، بەڵام مەبەست (ئەو) هەموویەتی.**

**+ (دویَ، شوكر مەردانە من ڕێم بردە ناو زوڵفی ڕەشی).. كۆی ئەو نیوەدێڕە، هونەری كینایەتە، واتە: (دوێنیَ خەونم پێوە بینی)!! (شوكر)یش كە زاراوەیەكی ئیمانییە، بۆ نیعمەتەكانی خوا بەكاردەهێنریَ، واتە: بینینی خۆشەویستەكەم لە خەومدا، ئەوە نیعمەت و بەخششێكی گەورەی خودا بوو، لەسەریدا سوپاسی خودام دەكەم، كە ئەو مەبەست و نیاز و خەونە كۆنەی لە شەوی دوێنێدا بۆ بەدی هێنام.**

**+ خەڵكی موڵكی دڵ.. واتە (ئەهل دڵ)..لێرەدا زاراوەیەكە بۆ دیندارە خوداناسەكان بەكارهاتووە ، ئەوانەی سۆفیانە پەرستش دەكەن، كاریان پاكڕاگرتنی دڵە بە ئیمان و پەرستشەكان، ئەوەش لە لایێ:**

**١. هونەری (تێلنیشانە بۆ ئایەت).. چونكە ئیمانیش وەكو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، (صیبغە الله)یە** ﴿صِبْغَةَ ٱللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةً وَنَحْنُ لَهُ عَابِدونَ﴾.. **البقرە: ١٣٨..**

**٢. لەولاشەوە هونەری (موشاكەلە) هەیە لە جۆری (خەملاندن)، واتە: چۆن صبوغ ـ بۆیە لە هەر ڕووێكدا پاكی دەكاتەوە، بە هەمان شێوە ئیمانیش كە لە دڵ جێگیر دەبیَ، دار و دیواری دڵ پاك و خاوێن دەكاتەوەو ڕەنگ و ڕوخسارێكی نویَ و جوانتری پیَ دەبەخشێت.**

**+ (قەڵای مێردانە شەو).. وەرگیراوەو هونەری (ئیقتیباس)ی دروستكردووە.. مەبەست لێی: شەوبەو بارەی هەیەتی، ئەنجامدانی پەرستش لە نێویدا، وەكو دروستكردنی قەڵایەكە، كە زۆران لە خۆ دەگریَ، بەڵام هەموان وەكو یەك ناتوانن تا بەردەوام بە سەركەوتوویی تیایدا بمێننەوە، سەركەوتن لەسەر قەڵاو لە كاری نێو قەڵا هێندە ئاسان نییە!! ئاخەر ئەوە كۆشینی نەفسە، زەحمەتترە لە كۆشینی دژ بە دوژمنان، ئەوەش دەقئاوێزانە بە گوتەیەك، كە بە فەرموودە ناوی ڕۆشتووە بەڵام زانایان دەڵێن: (زەعیف)ەو فەرموودە نییە، بەڵكو قسەی (ئیبراهیمی كوڕی عوبلە)یە، وەكو ((ئیبن و حەجەڕی عەسقەلانی لە كتێبی : (تسدیدالقوسفیتخریجمسندالفردوس)،**

**دەڵێت:** (رجعنا من الجهادالأصغرإلى الجهادالأكبر) **فەرمودەیەکی بەناوبانگەو لەسەر هەموو زارانە، بەڵام ئەوە لە قسەکانی (ئیبراهیمی کوڕی عوبلە)یە.. (عەجلونی) لە کتێبی (کشفالخفاو) و عیراقیلە (تخریجالإحیاو) گوتوویانە: ئەم فەرمووەدەیە بە سەنەدێکی زەعیف لە لایەن (بەیهەقی)یەوە ڕیوایەت کراوە.. (خەتیب)یش لە بەرگی یەکەمی مێژووەکەی خۆیدا (کشفالخفاو)، لا ٤٢٤ .. وەهای گێڕاوەتەوە: ((پێغەمبەری خوا . درودو سڵاوی خوای لەسەر . لە غەزوەیەك گەڕایەوە، عەلەیهیل صەلات و وەسسەلام، فەرمووی:** ((قدمتم خير مقدم وقدمتم من الجهاد الأصغر إلى الجهاد الأكبر.. قالوا وما الجهاد الأكبر؟ قال مجاهدة العبد هواه)).. **بەرەو باشترین شت گەڕانەوە، لە جیهادی بچووکتر بەرەو جیهادی گەورەتر گەڕانەوە..پرسییان: جیهادی گەورەتر چییە؟! فەرمووی: کۆشانی عەبدە لە دژی هەواو ئارەزووەکانی...)).**(٣٢)

**دواتر ئەم دەربڕینە بۆ هەر کارو چالاکییەکی باش، یان خراپیش بەکارهێنراوەو خەڵك بەو قسەیە بۆ کارەکانی نێو شەو ڕاهێنراوە.**

**+ دەربڕینەکانی (شوکر) و (قەڵای مێردانە شەو).. دەبنە دوو قەرینەی ئەقڵی و ڕێگە لەوە دەبڕن، مەبەست لەم (تۆ)یەی لە سەرەتاوە بنیاتی شیعرەکەی بۆ دامەزراوە، ئەو (کچ) بێ، بەڵکو هەر دەبێ پێغەمبەری خوا بێ (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، چونکە چونە لای کچی بێگانە بە دزی و لە نیوەی شەودا، کارێکی هێندە پیرۆز نییە، بە هۆیەوەی (شوکر و سوپاسی خودا بکرێ)، ئەمە لەبەر ئەوەی کارەکە ناپاکی و حەرام و فاحیشەیەو هەر لە بنجدا خوای گەورە کاری فاحیش و حەرام و ناپاکی وەهای ناپەسند و ناشرین کردووەو قەبوڵییان ناکات، بەڵام بە پەرستنی خوای گەورە نزیك ببیەوە لە ڕەزامەندی خوداو خودای گەورە بە سەفەری خەون بتباتە خزمەت پێغەمبەری خودا (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، ئەوە گرنگەو جێی خۆیەتی سوپاس و شوکری خودای لەسەر بکرێ.**

| |
|---|
| هەر لە مەغریب تا بەیانی بێ وچان دێت و دەچێ |
| هەر لە دووی خورشیدی خاوەر وێڵ و سەرگەردانە شەو |

**+ هەر لە مەغریب تا بەیانی بێ وچان دێت و دەچێ.. ڕستەیەکی هەواڵییە، خوازەییە، مەبەست لێی جەختکردنەوەیە لەسەر حاڵی کەسی وێڵ و سەرگەردان، لەو کاتانەی لە تاریکی دەکەون.. چونکە:**

**١- (هەر لە مەغریب تا بەیانی).. کینایەتە، مەبەست لێی (نەمانی خۆر و هاتنی شەوە، کە ئەمانەش بۆ واتای خوازەیی هاتوونە، نەوەك ئەو واتا وشەییە، مەبەست لێیان ئەوەیە: هەر لەگەڵ نەمانی خۆری ئیمان و ئیسلامەتی)... ئیدی خەڵك وێڵ و سەرگەردان دێن و دەچن، کە ئەوەش دەقئاوێزانە بۆ ئایەتی پیرۆزی** ﴿ٱلَّذِينَ آمَنُواْوَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِٱللَّهِ أَلَابِذِكۡرِٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّٱلۡقُلُوبُ﴾.. **الرعد: ٢٨.. چونکە ئەوەی لە نێو ڕوناکی ئیماندا بێ، ئەوەی ئیماندار بێ،**

ئەوە دڵنیایەو قەت وێڵ و سەرگەردان نابێ، لەبەرئەوەی یادی ئەڵڵا دەکات و بەم یادە دڵنیاو ئارام دەژی، بەڵام ئەوەی ئیمانی نەبێ، ئەو ڕێگەی لێ تێك دەچێ، ون دەبێ و وێڵ و سەرگەردان دەبێ، بۆیە هەرکە تاریکی بێئیمانی و نەزانی هات، ئەوا کەسی بێ ئیمان وێل و سەرگەردان دەبێ و ئارامی نامینێ و نازانێ چی دەکات، چونکە ئاسوودەیی و دڵنیایی لە دەست داوە، بەوەش هەر دێت و دەچێ بە دوای شتێ ئاسودەییەکەی بۆ بگەڕێنتەوە، ئەویش نابینێتەوە، چونکە نایەوێ بیبینێتەوەو بە خۆی و بە ویستی خۆی لێی دەرچووە، بە دوای شتی ترە ئاسوودەی بکەن، شتی تریش ناتوانن ئاسوودەی بکەن، بۆیە هەر وێل و سەرگەردان دەمێنێتەوە.

+ لە لایەکی دیکەوە هەر لەم دەربڕینەدا، خوازەی بە پەیوەندی کاتییەوە هەیە، چونکە ئەم (دێت و دەچێ)یە، قەرینەی ئەقڵینە، ڕێگری لەوە دەکەن، کە مەبەست لەوەی دێت و دەچێ (شەو)ی ڕاستەقینە بێ، چونکە مەعلومە شەو کە دێت، ئیدی هات و چوونی نییە، هاتی هەر ئەو هاتنە، کە تا بەیانی دێت جێگیرەو هات و چوونی نییە!! بەڵام (هاتن و چوون) سیفەتی مرۆڤە، ئەوەش کەواتە مەبەست لە شەو ئەو (مرۆڤ)انەن، کە لە ناو شەوەکەدانە، چونکە ئەوانن دێن و دەچن، ئاخەر وەکو گوترا: سەرگەردانن.

+ ئەم وێل و سەرگەردانانە بە دووی چییەوە وێڵن؟! بە دووی (خورشیدی خاوەر) وێڵن!! خورشیدی خاوەر چییە؟!

(خورشید.. واتە: (خۆری ئاسمان).. خاوەر.. واتە (ڕۆژهەڵات.. ئەو شوێنەی خۆری لێ هەڵدێت).(٣٣)

باشە بۆچی گوترا (خۆری خۆرهەڵات)؟! ئەدی خۆر هەر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵنایێ؟! بێگومان: با.. ئەدی بۆچی (خاوەر. خۆرهەڵات)یش وەکو وەسفێك بۆ (خۆر)ەکە زیاد کرا؟! خۆ پێویست ناکات، وەها بگوترێ، هەر بگوترێ (خۆر) و ئیتر بەسە، واتا دەگات!! بەڵام کە ئەو وەسفەی (خاوەر. خۆرهەڵات)ەی بۆ (خۆر) زیاد کردووە، ئەوە بنیاتی هزری شاعیر وەدەردەخات، کە مەبەستی لە (خورشید . خۆر)ەکە (خۆر)ی دروستی ئاسمان نییە، بەڵکو ئەو (کەس)ەیە، کە وەکو (خۆری ئاسمان)ەکە جوان و بەسوودو باڵایە، ئەو (کەس)ەش خەڵکی خۆرهەڵاتە، کە بێگومان ئەوەش کەسەکە یەکلا دەکاتەوە، کە مەبەست پێغەمبەری خوایە (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، کە خۆری خۆرهەڵاتە، لە خۆرهەڵاتەوە هەڵاتووەو وەکو خۆرەکەی ئاسمان بۆ هەموو جیهان تیشکی جوانی و سوود و خێری بڵاودەکاتەوە، بەڵام سەرەنجام ئاینەکەی ئەو خۆرهەڵاتی داگرتووە.. لە قسەی بیرمەند و زانایانی کۆمەڵناسیشدا هەیە، عیساو محەمەد (درودو سڵاوی خوایان لەسەر)، یەکەمیان خۆری ڕۆژئاواو دووەمیان خۆری ڕۆژهەڵاتن، واتە: یەکەمیان بووەتە خۆری ئاسمانی ئاینی ڕۆژئاواو دووەمیان بووەتە خۆری ئاسمانی ئاینی ڕۆژهەڵات.

کەواشبێ: هیچ گومان نامێنێتەوە، کە: (خورشید) خواستنی ئاشکرایە، لە جیاتی پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر) هاتووە.. قەرینەش ئەقڵییەو دەڵێ:

کەس بە دوای خۆری ئاسمان ناگەڕێ، چونکە لە کەس ون نابێ، بەڵام خەڵك لە دوای خۆری پێغەمبەر، کە خۆری ڕۆشنی ئیمانە دەگەڕێن، چونکە لەبەر هۆکاری جۆراو جۆر، زۆر جار خۆر و نوری ڕۆشنی ئیمان لە خەڵکی ون دەکرێت، خەڵك لە غیابی ئەو نورە ئارامییان دەشێوێ، وێڵ و سەرگەردان دەبن، ئەگەر بینییانەوە ئاسودەو ئارام دەبنەوەو ئەگەر نەیان دۆزییەوە، ماڵوێران و سەرگەردان سەر دەنێنەوە.

ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە، کە ئەو (نور)ەی لە سەرەتاوە شاعیر داوای دەرخستنی دەکرد، (نوری جەماڵی جوان و نوری ئاینی پێغەمبەری خوا)یە (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، نەوەك نوری ڕوخساری ژنێکی مەعشوق.

+ (شەو) لێرەدا خوازەی ڕەهایە جارێك بە پەیوەندی بەدەلی، چونکە وشەی (شەو) وەکو بەدیل و لە جیاتی وشەی (تاریکی) هاتووە.. جاری دووەمیش بە پەیوەندی وەصفی، چونکە باسی وەصف کرایە، کە تاریکی (شەو)ەو مەبەست لێی تاریکی (نەزانی)یە، کە ئەوەش وەصفە، بەڵام مەبەست مەوصوفەکانە، ئەو کەسانەن، کە بە هۆی تاریکی دوورە ئیمانی و گومڕاییەوە وێڵ و سەرگەردان بوونە.

ئەم بەیتە دەشێ دەقئاوێزان بێ بۆ بەسەرهاتی قەومەکەی حەزرەتی یونس، ئەو قەومەی سەرەتا ئەو پێغەمبەرەی نوری ئیمانیان قەبوڵ نەکرد، ئەویش بێزار بوو و لە نێویان دەرچوو، بە ونبوونی ئەم، نور و ڕوناکی لە نەینەوای وڵاتی ئەو پێغەمبەرەی خوایە (درودو سڵاوی خوا لەسەر) نەما، ژیان زەحمەت بوو، بەرەکەت و باران و لەوەڕ و شیر لە گوانی ئاژەڵەکانیان و ئارامی لە دەروونەکانیان و ماڵەکانیاندا نەما، بۆیە خەڵکەکە وێڵ و سەرگەردان بوون، زانییان هەڵەیەکی گەورەیان کرد، ئیدی بە پەشیمانییەوە، لە غیابی وی ئیمانیان هێناو بە پەرۆشییەوە لە دوای ئەو پێغەمبەرەی خوایە گەڕان، هەتا دۆزیانەوەو هێنایانەوە کردیانە پێشەواو ڕێبەری خۆیان، لە دەوری ڕوناکی ئاینەکەی کۆبوونەوە، بەوە دڵ و دەروونیان ڕووناك بوویەوەو لە سەر گەردانی و ونبوون و تیاچوونی مسۆگەردا ڕزگاریان بوو.

+ لە لایێکی دیکە، هەر ئەو بەیتە، ئەگەر بە واتا ڕوواڵەتییەکەیشی وەربگرین، دەبێتە وەرچەرخان لە واتای خوازەیی بۆ واتای درووست و دەبێتە کێڵگەیەکی تری پڕ هونەر و داهێنان، دەبێتە پاساوێکی بەهێزتر بۆ ڕایەکەی سەروو، چونکە:

ئەگەر (شەو) بە (شەو)ێتی خۆی، لە تاریکی و دوورە نوری هەدا نەدات و هەر هات و چۆی بێ، بۆ گەیشتنەوە بەو نورەی لێی ون بوو، ئەدی باشە ئادەمیزادی ئاقڵ چۆن دەتوانێ بەبێ نور بژی و لە تاریکیدا بمێنێتەوەو ئاسوودەش بێت؟!

بەو واتا ڕوواڵەتییە، دێڕەکە ئەم هونەرە بەلاغییانەی خوارەوەی تێدەکەوێ:

**١ـ هونەری وێنەی وەصفی.. چونکە هات و چوونی خەڵکە سەرگەردانە وێڵ بە دوای ڕووناکییەکانی ئیمان، وێنەیەکی جوان درووست دەکات، دەنا (شەو) چ هات و چۆیەکی نییە!**

**٢. هونەری خوازەی بە پەیوەندی هۆیی، کە هات و چۆی بە (شەو) بەخشیوەو هی مرۆڤە نەك هی شەو.. هەروەها سیفەتی (وێڵ و سەرگەردان)یشی بە شەو بەخشیوە، ئەویش هەر هی مرۆڤەو نەك هی شەو.**

**٣ـ لە نێوان (مەغریب) و (بەیانی) دژیەکی پێکهاتەیی دوور هەیە، چونکە (مەغریب) کاتی خۆرئاوابوونە، خۆرئاوابوونیش واتا تاریکی، (بەیان)یش کاتی دەرکەوتنی خۆرە، دەرکەوتنی خۆریش واتە (ڕوناکی).. (تاریکی) و (ڕوناکی)ش دژ و پێچەوانەی یەکن.**

**٤. لە نێوان وشەکانی (دێت) و (دەچێ)ش دژیەکی فەرهەنگی هەیە.**

**٥. کۆی بەیتەکە وەکو هونەری (تەفسیر) و هونەری (شێوازی گوتەیی)شی تیایە، چونکە ڕاڤەی ڕایەکەی بەیتی پێشووی دەکات، کە: لەبەرچی دەرکەوتنی نور و ڕووناکی ئیمان گرنگە، هەروەها بە شێوازی گوتەیی (کەلامییەکان)یش پاساو بۆ بەهێزکردنی ڕاکەی بەیتی پێشووی دێنێتەوە.**

| |
|---|
| کوێر و نابینایە ئێستا ئەو لە داخی ڕۆژی ڕووت |
| بۆیە ڕەشپۆش و فەقیر و مات و بەستەزمانە شەو |

**+ داخ خواردن لە (تۆ)، دەبێ بۆ پێغەمبەری خوا بێ (درودو سلاوی خوای لەسەر)، چونکە نەزانان کە ئەو پێغەمبەرە ناناسن (درودو سلاوی خوای لەسەر)، چاویان بە گەورەیی و سەرکەوتنەکان و شوێنکەوتووەکان و ئاینە پیرۆزەکەی هەڵنایێ و هەر داخی لێ دەخۆن!!**

**+ (ڕۆژی ڕووت).. واتە: ڕووت وەکو ڕۆژ ڕووناکە.. ئەوەش هونەری لێکچواندنە.**

**+ بۆیە ڕەشپۆش و فەقیر و مات و بەستەزمانە شەو.. هونەری (تەفسیر)ی بەرهەمهێناوە.**

**+ (کوێر و نابینا).. هونەری (کۆکردنەوە)یان پێکهێناوە، کە وەکو سیفەتی (شەو) پێکەوە کۆکراونەتەوە.**

**+ (ڕەشپۆش و فەقیر و مات و بەستەزمان).. هونەری (کۆکردنەوە)یان پێکهێناوە، کە وەکو سیفەتی (شەو) پێکەوە کۆکراونەتەوە.**

**+ قەرینەی ئەقلی دەڵێ مەبەست لەم (شەو)ە، (شەو)ی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو مەبەست ئەو خەڵکە نەزانانەیە، کە دڵیان وەکو شەو ڕەشەو ڕووناکی ئیمان پاك و ڕوونی نەکردوونەتەوە، لەبەر ئەوەش داخ لە گەورەیی و پیرۆزی پێغەمبەری خوا (درودو سلاوی خوای لەسەر) دەخۆن!! ئەوەش خوازەی ڕەهایە بە پەیوەندی ئاوەڵناوی، چونکە باسی ئاوەڵناو (سیفەت) کراوەو مەبەست ئەو مەوسوفانەیە، کە بەو سیفەتە دەناسرێنەوە.**

+ كۆی دێڕەکە ئەگەر بە واتای ڕووالەتی وەربگیرێت، هونەری (جوانی بایس) پێکدێنێ، چونکە شەو داخ لە کەس ناخوات و لەبەر ئەوەش نییە، کە ڕەشپۆشە، بەڵکو هەر قودرەتی خودا وەهای بینیوە، شەو تاریك بێ.

| |
|---|
| قەدری شەو چا بگرە چاوم، شەمع و پەروانە دەڵێن: |
| سۆز و گریەی شەمع هەر شەو، سووتنی پەروانە شەو |

+ لە (شەمع و پەروانە دەڵێن)دا.. هونەری (خواستنی درکاو) هەیە، چونکە شەمع و پەروانە قسان ناکەن و هیچ ناڵێن، ئەوەی شتێ دەڵێت، ئەوە مرۆڤە، شاعیر ئەو سیفەتەی لە مرۆڤەوە وەرگرتووەو داویەتییە شەمع و پەروانە.

+ لە (چاوم قەدری شەو بگرە)دا.. (چاو) هونەری (خواستنی ئاشکرا) دروست دەکات.

+ لە (قەدری شەو چا بگرە، چاوم)دا.. شێوازی ڕستەکە فرمانی خوازەییە، چونکە فرمانەکە ئاراستەی خۆ کراوە، فرمانیش لە باری ئاسایی نابێ ئاراستەی خۆ بکرێت، مەبەست لەم فرمانە دەرخستنی پایەی گەورە و نرخی گەورەی شەوە.

+ لە (چا بگرە)دا.. (چا) بە هونەری کورتبڕی وەهای لێکراوە، خۆی (چاك)ە.

+ لەم دێڕەدا (شەو) بۆ واتای درووستی هاتووەو هونەری (وەرچەرخان) درووستبووە لەو واتا خوازەییەی لە بەیتەکانی پێشووو بە (شەو) درابوو، بۆ واتای درووست کە لەم دێڕەدا بۆ تەواوکردنی واتای مەبەست ئەم وەرچەرخانە درووست کراوە.

| |
|---|
| عاشق و مەعشوق لە ڕۆژدا خۆ دەپارێزن لە خەڵك |
| گەر پەنای چاکت دەوێ، بۆ ئەو دووە، بڕوانە شەو |

+ (عاشق و مەعشوق).. واتە ئەو جوتە کەسانەی عاشقێتی دەکەن، ئەوانە لە واتای نزیکیاندا (کچ و کوڕ)ێکن، یەکتریان خۆش دەوێت و دەیانەوێت بۆ یەکتری بن.. ئەوەش ئەگەر لەسەر بنەما بێ، زۆر ئاساییە، بەو مەرجەی ڕەچاوی بنەما ئەخلاقی و ئاینییەکان بکرێت و ئابڕو کەڕامەتی کچەو بنەماڵەی کچە لەژێر پێ نەنرێت.

(نالی) شاعیر (مەعشوق)ی خۆی هەبوو، جارانێ بە (حەبیبە) و جارانێ بە (مەحبوبە) ناوی برد، بەڵام کەس نەیزانی مەبەست لەم ناوانە کێنە!!

(مەولەوی)ش کچێکی خۆشویست، چووە ژێر ڕەشماڵەکەیان بۆ ئەوەی لە باوکی بیخوازێ، کچە بەخێرهاتنی کرد، گوتی: بەخێربێی خاڵۆ.. بالیفی بۆ هێنا، گوتی: ئا دەی خاڵۆ با بیخەمە ژێر پشتت.. ماستاوی بۆ هێناو پێی گوت: فەرموو خاڵۆ.. (مەولەوی) شەرمی لەخۆکردەوە، عیشقەکەی شاردەوەو گوتی: کچێك من بە خاڵۆ بزانێ، چۆن دەبێ من وەکو هاوسەری ژیانم داوای بکەم!!

(مەلای جزیری)ش (سەلما)ی خوشکی میری جزیرەی خۆشویست، بەڵام چ ئابڕوی نەبرد، بەڵکو بەو عیشقە زۆرەی بۆ ئەو خاتونە هەیبوو، چووە داوای و میرانی برای سەلما، (سەلما)یان پێ دا. ئیدی عیشق پیرۆزەو ئاسایی بووە، لە هەموو سەردەمێك و هەتا دونیاش مابێ، کچ و کوڕێك بە ئەقڵ بیریان کردبێتەوەو یەکتریان بەر دڵی یەك کەوتبێ، هەقی خۆیان بووە، یەکدییان خۆش بوویت و حەز بکەن بۆ ئەوەی بە یەك بگەن و ببنە هاوسەر و ژن و مێردی یەك.

جا جاری وەها هەبووە، ئەو کوڕ و کچانەی یەکدییان خۆشویستووە، زانیویانە هەل و مەرجەکە لەبار نییە بۆ ئەوەی کوڕە داوای کچە بکات و ناچار مەبەستەکەیان شاردۆتەوە، ئەمانە بێگومان دەبێ لە ڕۆژدا خۆیان بشارنەوەو نابێ وا بکەن، خەڵك هەستیان پێ بکەن.

ئەوانەشی حسێب بۆ ئابڕ و ناکەن و خۆیان بۆ ناگیرێ و زۆرتر بە ناڕەوا لێکنزیکدەبنەوە، ئەوانیش هەر خۆیان لەبەر چاوان دەشارنەوەو لە شەوی تاریك ئەوەی مەبەستیانە دەیگەیننە ئەنجام.

+ بەڵام لە واتای دووریدا عیشقی ئەو (عاشق و مەعشوق)ە، هەر عیشقی مرۆڤەکان بۆ یەکتری نییە، بەڵکو مرۆڤەکان زۆر جار یەکتری جێدێڵن و عیشقی ڕاستەقینەیان بۆ خودا بە پێش عیشقی مرۆڤەکان دەخەن، ئەوانەش بۆ ئەوەی بە پاکی و دوورە ڕیایی پەرستشی خوای گەورە بکەن، لە نیوەی شەودا لە شیرین خەودا ڕادەپەڕن و شەونوێژ دەکەن، ئەوەش لێرەدا بەهێزترە، چونکە وەکو لە دێڕی دوای ئەمە دەردەکەوێ، شاعیر خۆی لە شیرین خەوی شەودا ڕاپەڕیوەو لە دانیشتنی دوای شەونوێژەکانی ئەو خەیاڵانەی کردووەو ئەو شیعرەی بەرهەمهێناوە.

| |
|---|
| هەستە (کامیل)، بەسیە بێداری، بڕۆ لێی وەرکەوە |
| تا وڵات بێ دەنگ و باسەو تا لە ڕۆژ میوانە شەو |

+ هەستە کامیل.. ڕستەیەکە، شێوازەکەی فرمانی خوازەییە، چونکە فرمانەکە ئاراستەی خۆ کراوە، فرمانیش لە باری ئاساییدا وەکو گوترا: نابێ ئاراستەی خۆ بکرێت، مەبەست لەم فرمانە خۆوشیارکردنەوەیە.

+ بەسیە بێداری.. وەکو ڕستەکەی پێشەخۆی، ڕستەیەکە، شێوازەکەی فرمانی خوازەییە، چونکە فرمانەکە ئاراستەی خۆ کراوە، فرمانیش لە باری ئاساییدا وەکو گوترا: نابێ ئاراستەی خۆ بکرێت، مەبەست لەم فرمانەش هەر خۆوشیارکردنەوەیە.

+ بڕۆ.. ئەوەش وەکو دوو ڕستەکانی پێشەخۆی، ڕستەیەکە، شێوازەکەی فرمانی خوازەییە، مەبەست لەم فرمانە خۆوشیارکردنەوەیە.

+ لێی وەرکەوە.. ئەوەش وەکو ڕستەکانی پێشەخۆی، ڕستەیەکە، شێوازەکەی فرمانی خوازەییە، مەبەست لەم فرمانە خۆوشیارکردنەوەیە.

+ لێی وەرکەوە.. لە لایێکی تر، سیفەتی سەگەو شاعیر داویەتییە خۆی، واتە: تۆ ئەی کامیل بڕۆ وەکو سەگێ لێی وەرکەوە!! ئەوەش بە هونەری (خواستنی درکاو) بەرهەمهاتووە.. ئەوەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی شاعیر لە باری خواپەرستی دابووەو لەبەر ئەوەی خۆی وەکو گوناهبار بینیوە، لەولاشەوە زمانی بە ﴿ئەڵڵاهو ئەکبەر﴾ تەڕبووە، سەرەنجام بیری ئەوەی بۆ درووستبووە، کە: ئەی کامیل تۆی وەکو سەگ پیس چییی؟! تا بیر لە دونیاو حاڵی ئیمان و ئیمانداران بکەیەوە؟! ئاخەر هەرچی تۆ بیری لێ دەکەیەوە، خودای تۆ ﴿ئەڵلاّ اکبر﴾ەو لەو گەورەترە!! بۆیە بەسیکەو بڕۆ لێی وەرکەوە.

ئەو مەسەلەی خۆ بە سەگ بینینەش مەسەلەیەکی کۆنە لای ئیمانداران و لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زۆر ڕەنگی داوەتەوە، زۆرێکی شاعیران کە خۆیان بە گوناهباری پیس بینیوە، وەکو سەگ وەسفی خۆیان کردووە، ئەوەتا نالی گوتویەتی:

نەبوو ڕووم بێمە خاکی چاکی پاکی تەیبە تا بیستم
بە سەگ نابێ مولەووەس ئاوی زەڕقا بەحری ئیحسانە(٣٤)

شێخ ڕەزای تالەبانیش گوتویەتی:

یا رسول الله چە باشد چون سەگ أصحاب کهف
داخل جنت شوم در زمرەیی أحباب تو
أو رود جنت و من در جهنم کی رواست
أو سگ أصحاب کهف و من سگ أصحاب تو(٣٥)

شیعرەکە نمونەیەکی هونەری (شێوازی دانایان)ە.. تیایدا دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا چەند باشە وەکو سەگی ئەصحابی کەهف لەگەڵ ئەوان چووە نێو بەهەشت، منیش لەگەڵ خۆشەویستانی تۆ بێمە نێو بەهەشت!! ئاخەر ئەو بچێتە بەهەشت و من بچمە دۆزەخ چۆن دەبێ؟! ئەو سەگی ئەصحابی کەهف بوو، منیش سەگی ئەصحابی تۆم.

+ (وڵات بێ دەنگ و باسە).. ڕستەیەکە شێوازەکەی هەواڵی خوازەییە، چونکە شتێکی نوێ نییەو ئاراستەی خۆ کراوە، هەواڵی وەهاش هەردوو مەرجەکانی هەواڵی درووستی لە دەست داوەو ئیدی لە هەواڵی درووست دەترازێ.. مەبەستی ئەم هەواڵە خۆشیارکردنەوەیە.

+ (لە ڕۆژ میوانە شەو).. کۆکراوەیە لەگەڵ ڕستەکەی پێشە خۆی و هەمان پێناسەی ئەوی هەیە.. ڕستەیەکە شێوازەکەی هەواڵی خوازەییە، چونکە شتێکی نوێ نییەو ئاراستەی خۆ کراوە، مەبەستی ئەم هەواڵە خۆشیارکردنەوەیە.

+ واتای کۆی بەیتەکە ئەوەیە: ئەی کامیل ئەگەر خەڵك وشیار ببتەوەو بەرەو ئاین بێنەوە، واز لە شەوی نەزانی بێنن و بەرەو ڕەزامەندی خودا بێنەوە، دەنگ و باسی گەورە لە وڵاتدا بڵاودەبێتەوە، تۆش بەشێکی (شەو)ەکەت بە خواپەرستی، بە دوعاو شەونوێژەوە پڕکردەوە، ئیدی بڕۆ بخەوە، تا شەو بەسەرنەچووەو بەشی خۆت لە خەو لەبیر مەکە،

ئەمەش تێلنیشانە بۆ ئەو ئایەتە پیرۆزەی دەفەرموێ: ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ القصص: ٧٧..

هەروەها تێلنیشانە بۆ ئەو فەرمودەیەش، کە خاتو عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێ) گێڕاویەتیەوە، فەرمووی ــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەتی: ((لکنيأصوموأفگروأناموأقوموێكلاللحمواتزوجالنسا و،فمنرغبعنسنتيفليسمني)).(٣٦)

ئەم فەرموودەیەش لە وەڵامی ئەو کەسانە هاتووە، کە هاتبوون پرسیاری پەرستشی پێغەمبەری خوایان کردبوو (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، پێیان وابوو پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر) پەرستشەکانی کەمن، چونکە شەو هەمووی شەونوێژ ناکات و هەندێکی لە شەوەکە دەخەوێ.. هەموو ڕۆژێك بەڕۆژوو نابێ و هەندێ ڕۆژ پێیەو هەندێ ڕۆژ پێنابێ.. بە ڕەبەنی ناژیت و ژن دێنێ.. ئەوان یەکیان گوتی: من لە هەموو ژیانمدا گۆشت ناخۆم!! هی تریان گوتی: من قەت ژن ناهێنم!! هی دیکەیان گوتی: من لە شەودا لەسەر جێگە ناخەوم، واتە: بە درێژی شەوەکە هەر شەونوێژ و عیبادەت دەکەم!! بەڵام کاتێك هەواڵی ئەوانە گەیشتە پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر)، ئەو فەرمووی: بەڵام من هەندێ ڕۆژ (مەبەست ڕۆژی سوننەتەکانی خۆیەتی) بە ڕۆژوو دەبم و هەندێ ڕۆژ پێی نابم.. لە شەویشدا هەندێ کات هەڵدەستم عیبادەت دەکەم و هەندێ کاتی دیکە دەخەوم.. گۆشتیش دەخۆم و ژنانیش دێنم!! ئەوەشی لەم سوننەتەی من لا بدات، ئەوە لە من نییە.

+ هەر ئەم بەیتە واتای سەرەتای هۆنراوەکە لە (تۆ)ی شیعر بۆ نووسراودا، بە باشتر ڕووندەکاتەوە، چونکە دەری دەخات لە کاتی شەونوێژدا کامیلی شاعیر ئەو شیعرەی نووسیوە، چونکە ئەم بەیتەی کۆتایی هۆنراوەکە بە ڕوونی جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە، ئیدی چ گومان لەوە نامێنێ، کە مەبەست لە (تۆ) پێغەمبەری خوایە (درودو سڵاوی خوای لەسەر) و لەویشەوە مەبەست ئاینەکەیتی، کە شاعیر ئاواتە خوازە جارێکی تر ڕووخساری جوانی ئەو سەروەرە خۆشەویستەی و ڕەنگ و ڕووو بەها ژیارییە جوانەکانی ئاینە پیرۆزەکەی بێنەوە بەر چاوو تەم و تۆزی جەهل و نەزانییان لەسەر بڕەوێنرێتەوە.

ئەوەی دیسانەوەش پشتگیری بۆ ئەم شیکارە درووست دەکات، (ئاوات)ی شاعیر لە شیعرێکی دیکەیدا بە ڕوونی باس لە شەونوێژو عیبادەتەکانی نێو شەوانی دەکات، تیایدا ڕوو لە خودای گەورە دەکات و نزای ئەوە دەکات، کە نوری ڕوخساری پێغەمبەری خوای (درودو سڵاوی خوای لەسەر) لە (خەو)ێکدا پیشان بدا، چونکە ئەو وێڵی بە دوای ئەو نورەیەو بەو نورەوە دەژی، کە لەو پێغەمبەرەی خواوە (درودو سڵاوی خوای لەسەر) دەرچووەو گەیشتۆتە خەڵکی دوور و نزیك.. نووسیویەتی:

خودا بۆچی منی بێ چارە بێ دەرد و بەڵا ناکەی؟

ئیلاهی! بۆچی دەردی من بە ڕەحمی خۆت دەوا ناکەی؟

شەویٚ تا بەربەیان یا ڕەب! تەمادارم لە دەرکی تۆ
لەبەرچی من بە خاسانت شەویٚکی ئاشنا ناکەی؟!
ئەگەرچی زۆر گوناهکار و هەڵەم، ئەمما ئەتۆ یا ڕەب
کەریمیت و جەزام لیٚ ناستیٚنی، کاری وا ناکەی!! دیوانی کامیل، لا ٢٥٨.

+ دەردی شاعیر ئاشکرایە لەم پارچەیەدا، کە بە گەیشتن بە (خاسانی خودا) دەوا دەبیٚ، بۆیەشە ئەو شەوان تا بەربەیان دوعادەکات و نویٚژ دەکات و دەپاڕیٚتەوە، مەبەستی ئەوەیە بە نوری (خاسان)ی خودا، شادببیٚ!!

(خاسان) خوازەی بە پەیوەندی وەسفییە، چونکە (خاس) وەسفە، واتە: تایبەت و مەبەست ئەو کەسانەن، کە (خاس و تایبەت)ی خودای گەورەن، ئەوانە پیٚغەمبەرانی خودان (درودو سلاٌوی خوایان لەسەر)، کە لە ناو ئەوانیش بیٚگومان پیٚغەمبەر (محەمەد) ئیمام و پیٚشەواوی هەموو پیٚغەمبەرانە (درودو سلاٌوی خوا لەسەر هەموویان) و هەر ئەویش مەبەستی ئاواتی شاعیرە.

## ئەنجام

١ـ غەزەلی (شەو)ی شاعیری ناسراو بە (ئاوات)، دەقیٚکە بنیاتیٚکی قووڵی هەیەو لە بنیاتی ڕووالەتیدا واتای قووڵی خۆی بەدەستەوە نادات.

٢. غەزەلی (شەو) بۆ (ژن) نەنووسراوەو شیعریٚکی دلٌداری نییە، بەلٌکو شیعریٚکی ئایینییەو بۆ پیٚغەمبەری خوا محەمەدی کوڕی عەبدوللا نووسراوە (درودو سلاٌوی خوای لەسەر).

٣ـ زیاتر لە (٢٠) شیٚوازی هونەری سیٚ لایەنەکانی ڕەوانبیٚژی (واتاناسی و ڕوونبیٚژی و جوانکاری)، ئەم دەقەیان چڕکردۆتەوەو فراوان و پڕواتاو پڕ داهیٚنانیان کردووە، لەوانە: (هەواڵی خوازەیی، فرمانی خوازەیی، فرەواتایی، موشاکەلە، کینایەت، کورتبڕی، لیٚکچوواندنی ڕەهای دریٚژ (تەشبیهی تام)، خوازەی بە پەیوەندی هۆیی، خوازەی بە پەیوەندی کەرتی، لیٚیوەرگرتن (أقتباس)، دژیەك، دژیەکی پیٚکهاتەیی دوور، تەفسیر، وەصف، شیٚوازی گوتەیی، کۆکردنەوە، خوازەی بە پەیوەندی ئاوەڵناوی، جوانی بایس، خواستنی ئاشکرا، خواستنی درکاو، وەرچەرخان)ن.

## پەڕاوێزەکان

١ـ د. سمير حجازي، المتقن (معجم المصطلحات اللغوية والأدبية الحديثة، دار الراتب الجامعية، بيروت ـ لبنان، دون سنة الطبع، ص ٢٠٣.

٢ـ الأمام عبدالقاهر الجرجاني،دلآئل الأعجاز في علم المعاني، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٢هـ ٢٠٠١م،ص٥٤

٣ـ د. سمير حجازي، المتقن، ص ٢٠١.

٤ـ د. محمد محمد داود، جدلية اللغة والفكر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٩، ص ٣٣.

٥ـ د. عەلی تاهیر بەرزنجی، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، لا ٣٠.

٦ـ هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

٧ـ گرێت نامسۆن، فەلسەفەی دیکارت، و: پێشڕەو محەمەد، چاپخانەی سایە، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٦١.

٨ـ أبو سعيد بلعيد بت أحمد الجزائرى، ما معنى الجرح والتعديل، الصفحه الرسميه لموقع الشيخ أبو سعيد بلعيد بت أحمد الجزائرى،١٦ يوليو ٢٠١٤.

٩ـ د. عەلی تاهیر بەرزنجی، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، لا ٣٠.

١٠ـ د. سعيد علوش، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة،دار الكتاب اللبناني، بيروت ـ لبنان، ١٤٠٥هـ ـ ١٩٨٥م، ص ٥٥.

١١ـ أبي هلال الحسن بن عبدالله بن سهيل العسكري، كتاب الصناعتين (الكتابة والشعر)، المكتبة العصرية، سيدا ـ لبنان، ١٤٢٧ هـ ـ ٢٠٠٦ م، ص ١٩.

١٢ـ ڕێبوار سیوەیلی، دیکارت و عەقلانییەت، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٧٨.

١٣ـ أنجي كروسمان و سوزان روبين سليمان، القاريء في النص مقالات في الجمهور والتأويل، ترجمة: د. حسن ناظم و علي حاكم صالح، دار الكتاب الجديد المتحدة، ٢٠٠٧، ليبيا ـ بنغازي، ص ٩١.

١٤ـ سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٨٢.

١٥ـ محمد الشاوش، أصول تحليل الخطاب في النظرية النحوية العربية، الجزء الأول، المؤسسة العربية للتوزيع، تونس، ١٤٢١هـ ـ ٢٠٠١م، ص ٧٠.

١٦ـ فيلي ساندريس، نحو نظرية أسلوبية لسانية،ترجمة: د.خالد محمود جمعة، الطبعة العلمية، سوريا ـ دمشق، ١٤٢٤ه ـ ٢٠٠٣م، ص ٣٦.

١٧ـ وليم راي، المعنى الأدبي من الظاهراتية الأى التفكيكية، ترجمة: د. يوئيل يوسف عزيز، دار المأمون، بغداد، ١٩٨٧، ص ١٧.

١٨ـ سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٥.

١٩ـ سەرچاوەی پێشوو،ص ١٧٦.
٢٠ـسەرچاوەی پێشوو، ص ٢٢٢.
٢١ـ د. دلخوش جاراللە حسين دزەيی، علم الدلالة الأدراكي المبادیء والتطبيقات، مجلة الآداب، جامعة بغداد، العدد (١١٠)، ١٥ كانون الأول ٢٠١٤ـ ١٤٣٦هـ، ص ٦٠.
٢٢ـ تيموثي كلارك، المعتمد الأدبي في التفكيك، ترجمة: حسام نايل، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١، ص ٢٩٢.
٢٣ـ سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١٠.
٢٤ـ بڕوانە: عبداللطيف محفوظ، سيمائيات التظهير، الدار العربية للعلوم ـ ناشرون، الجزائر، ١٤٣٠ هـ، ٢٠٠٩ م، ص ١٩.
٢٥ـ د. دلخوش جاراللە حسين دزەيی، علم الدلالة الأدراكي المبادیء والتطبيقات، مجلة الآداب، جامعة بغداد، العدد (١١٠)، ١٥ كانون الأول ٢٠١٤ـ ١٤٣٦هـ، ص ٥١.
٢٦ـ موريس أولندر، لغات الفردوس، ترجمە: جورج سليمان، المنقمە العربيە للترجمە، بيروت ـ لبنان،
٢٧ـ سەيد كاميلی ئيمام زەنبيلی (كاميل شا)، شاری دڵ (ديوانی ئاوات)، ئامادەكار: سەيد جەعفەر ئيمام زەنبيلی، بڵاوكەرەوە (ئانا ـ تاران )، ساڵی: ١٣٩٢، ٢٠١٣، لا ١٧٤.
٢٨ـ اوزوالد ديكرو و جان ماري سشايفر، القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة: د. منذر العياشي، المركز الثقافي العربي، المغرب ـ الدار البيضاء، الطبعة الثانية، ٢٠٠٧، ص ٥١٥.
٢٩ـ د. ئيبراهيم ئەحمەد شوان، فەرهەنگی سۆفيانەی ديوانی جزيری و مەحوی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠ ، لا ١٧٦. ٣٠ـ ئەدەبی سەرزاری كورد، ناوچەی هەولێر.
٣١ـ عبدالله بن المقفع، ألأدب الصغير وألأدب الكبير، المكتبة العصرية، بيروت ـ صيدا، ١٤٣٠ هجرية ـ ٢٠٠٩م، ص ٥٠.
٣٢ـ الهدية الهادية للطائفة الناجية، جزء الأول، ص ٨٠.
٣٣ـ د. محەمەد نوری عارف، فەرهەنگی ديوانی شاعيران، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، لا ٣١٨.
٣٤ـ ديوانی نالی، مارف خەزنەدار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٦٠.
٣٥ـ ديوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، كۆكردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٣٢
٣٦ـ عبدالعزيز الراجحي، شرح العقيدة الطحاوية، الجزء الأول، ص ٤٠٣.

## سەرچاوەکان


کتێبە بە زمانی کوردی

١ـ د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠.

٢ـ سەید کامیلی ئیمام زەنبیلی (کامیل شا)، شاری دڵ (دیوانی ئاوات)، ئامادەکار: سەید جەعفەر ئیمام زەنبیلی، بلاوکەرەوە (ئانا ـ تاران)، ساڵی: ١٣٩٢، ٢٠١٣.

٣ـ د. عەلی تاهیر بەرزنجی، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

٤ـ د. محەمەد نوری عارف، فەرهەنگی دیوانی شاعیران، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٥ـ دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی، کۆکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٦ـ دیوانی نالی، مارف خەزنەدار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧ـ ڕێبوار سیوەیلی، دیکارت و عەقلانییەت، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩.

٨ـ گرێت نامسۆن، فەلسەفەی دیکارت، و: پێشڕەو محەمەد، چاپخانەی سایە، سلێمانی، ٢٠١١.

کتێبە بە زمانی عەرەبی

٩ـ أنجي كروسمان و سوزان روبين سليمان، القاريء في النص مقالات في الجمهور والتأويل، ترجمة: د. حسن ناظم و علي حاكم صالح، دار الكتاب الجديد المتحدة، ٢٠٠٧، ليبيا ـ بنغازي.

١٠ـ اوزوالد ديكرو و جان ماري سشايفر، القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة: د. منذر العياشي، المركز الثقافي العربي، المغرب ـ الدار البيضاء، الطبعة الثانية، ٢٠٠٧.

١١ـ تيموثي كلارك، المعتمد الأدبي في التفكيك، ترجمة: حسام نايل، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١.

١٢ـ أبي هلال الحسن بن عبدالله بن سهيل العسكري، كتاب الصناعتين (الكتابة والشعر)، المكتبة العصرية، سيدا ـ لبنان، ١٤٢٧ هـ ـ ٢٠٠٦ م.

١٣ـ د. سعيد علوش، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، دار الكتاب اللبناني، بيروت ـ لبنان، ١٤٠٥هـ ـ ١٩٨٥م.

١٤ـ د. سمير حجازي، المتقن (معجم المصطلحات اللغوية والأدبية الحديثة، دار الراتب الجامعية، بيروت ـ لبنان، دون سنة الطبع.

١٥ـ د. محمد محمد داود، جدلية اللغة والفكر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٩.

١٦ـ عبدالعزيز الراجحي، شرح العقيدة الطحاوية، الجزء الأول.

١٧ـ الأمام عبدالقاهر الجرجاني، دلآئل الأعجاز في علم المعاني، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان، ١٤٢٢هـ ـ ٢٠٠١م.
١٨ـ عبداللطيف محفوظ، سيمائيات التظهير، الدار العربية للعلوم ـ ناشرون، الجزائر، ١٤٣٠ هـ، ٢٠٠٩ م.
١٩ـ عبدالله بن المقفع، ألأدب الصغير وألأدب الكبير، المكتبة العصرية، بيروت ـ صيدا، ١٤٣٠ هجرية ـ ٢٠٠٩م.
٢٠ـ فيلي ساندريس، نحو نظرية أسلوبية لسانية، ترجمة: د. خالد محمود جمعة، الطبعة العلمية، سوريا ـ دمشق، ١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٣م.
٢١ـ محمد الشاوش، أصول تحليل الخطاب في النظرية النحوية العربية، الجزء الأول، المؤسسة العربية للتوزيع، تونس، ١٤٢١هـ ـ ٢٠٠١م.
٢٢ـ موريس أولندر، لغات الفردوس، ترجمة: جورج سليمان، المنظمة العربية للترجمة، بيروت ـ لبنان،
٢٣ـ وليم راي، المعنى الأدبي من الظاهراتية الأى التفكيكية، ترجمة: د. يوئيل يوسف عزيز، دار المأمون، بغداد، ١٩٨٧.گۆڤارى ئەكاديمى بە زمانى عەرەبى
٢٤ـ د. دلخوش جارالله حسين دزةيي، علم الدلالة الأدراكي المباديء والتطبيقات، مجلة الآداب، جامعة بغداد، العدد (١١٠)، ١٥ كانون الأول ٢٠١٤ـ ١٤٣٦هـ.سايت بە زمانى عەرەبى
٢٥ـ أبو سعيد بلعيد بت أحمد الجزائري، ما معنى الجرح والتعديل، الصفحة الرسمية لموقع الشيخ أبو سعيد بلعيد بت أحمد الجزائري، ١٦ يوليو ٢٠١٤.

بنية اللغة والفكرفي غزل (شەو) للشاعر (ئاوات)

دراسة تفكيكية ـ بلاغية

**دراسة تفكيكية ــ بلاغية**

**أن غزل (شــەو) هي أحدى أهم أشعار (ئاوات) من حيث رِوئاها الفلسفية وجمالياتها البلاغية، و (ئاوات) هو الشاعر الكوردي المشهور في شرق كوردستان.**

**تتكوت هذا الغزل من سبعة أبيات، لكنها غزل أبداعي فني، بنيتها بنية عميقة، يصعب علــى القاريء العادي الوصول الى مغزاها ومحتوياتها البعيدة، لذلك ولأسباب عدة، يصفونها بأنها كتبت لأمرأة، والصحيح أنها كتبت أثناء قيام الليل، وفي الفترة التي تلي الصلاة ويذكر فيهــا العبد ربه، يدعوه ويسأله ما يبتغيه.**

**التفكيكية علم تحليل النص وخاصة النص الأدبي، أما البلاغة فهي علم مبني على العقل لبناء النص بناءاً فنيا أبداعيا مؤثرا.. فبكلاهما يمكن للناقد الوصول ألى البنى المخفيــة والعميقــة للنص، ولهذا أردنا أن تكون هذة الدراسة تفكيكية بلاغية.**

**وبعد أكمال الدراسة، توصل البحث الى عدة نتائج، أهمها:**

**١ــ غزل (شەو) نص مبني على بنية عميقة، لا تعطي معانيها بقرأءة سطحية.**

**٢ــ لم تكتب هذا الغزل لــ(أمرأة)، وأنها ليست بشعر غرامي، بل هي نــص دينــي، كتبــت لرسول الله (صلى الله عليه وسلم).**

**٣ــ تشارك في بناء الفني لهذا النص أكثر من (٢٠) فنا بلاغيا ومن علومها الثلاث (البيــان ــ البديع ــ المعاني).. منها: (الأخبار المجازي.. الأمر المجازي.. المشاكلة.. الكناية.. مجاز بعلاقة السببية.. مجاز بعلاقة الجزئية.. مجاز بعلاقة الوصفية.. التشبيه التــام.. أقتبــاس.. تضاد الأيجاب و تضاد السلب.. الوصف.. المذهب الكلامــي.. التفســير.. الجمــع.. حســن التعليل.. الأستعارة التصريحية.. الأستعارة المكنية...).**

# Thought and Language Construction in Awat's 'Night' Ode
# A Rhetoric-Deconstruction Study


## Abstract

The ode of 'Night' is one of the interesting and philosophical odes of Kurdish poetry, and its owner is eastern Kurdistan poet Kameeli Imami known as 'Awat'. This ode consists of 7 verses, but it is a great invented ode, its construction is made deep by its words and expressions that ordinary reader does not easily make understand of it. Due to the lack of early scientific analysis of it, and it was heard as song, people had misconception about the text at an earlier time, so people found the meaning of it in reality. The connotation created by people has scientific principle and the text construction is subjected to more scrutiny than the specific one that is simply made by people.

'Deconstruction' is an analytical significant science of miscellaneous text types and among is literary text. In the research fields of Kurdish literature, except very few, otherwise has not been worked on.

As much as 'rhetoric' is concerned, it is a science from the depth of thought that addresses through its devices and through them rhetoric provides enough understanding for the literary phenomena.

It was, thus, the text under the light of 'deconstruction' and 'rhetoric' were integrated into one and made the above title. As a result, after two chapters and eight sections, the research has come to the following conclusions:

1. The ode of 'Night' of the poet known as 'Awat' is a text that has a deep construction and does not give its deep meaning on the construction surface.
2. The ode of 'Night' was not written for woman and it is not a love poem, but it is an allegorical poem and written for the prophet of Allah 'Mohammad Abdullah' (Peace Be Upon Him).
3. More than (٢0) literary styles of three rhetoric aspects (Semantics, Clarity and aesthetics) have intensified the text and make it be full of meaning and invention.